
سودانی: بریاری بایکۆتکردنی هەڵبژاردن دەرفەت بۆ شکستخواردوان و گەندەڵکاران دەڕەخسێنێت



محەمەد شیاع سودانی، سەرۆك وەزیران رایگەیاند، ئەوانەی بریاری بایکۆتی هەڵبژاردن دەدەن، دەرفەت بۆ شکستخواردوان و گەندەڵکاران دەڕەخسێنن.

محەمەد شیاع سودانی، سەرۆك وەزیران، ئەمڕۆ پێنجشەممە، لەمیانی بانگەشەی هەڵبژاردنی هاوپەیمانی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێداندا لەبابل رایگەیاند، کاندیدەکانی هاوپەیمانییەکەیان پابەندن بەپشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەتەواوی عێراق.

وتیشی، بەشداریکردن لەهەڵبژاردن، تەنیا ئەوە نییە کارتی دەنگدان بخەیتە سندوقەکانی هەڵبژاردنەوە بەڵکو بریتییە لەپلان و گەرەنتیکردنی داهاتوی عێراق و عێراقییەکان.

ئەو بەڕوونیشی دا کەقەیرانی نیشتەجێبون و دەرفەتی کار و پڕۆژەکانی پەرەپێدان بەرەوپێش بەرن.

هەروەها وتیشی، ئەوانەی بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەن، دەرفەت بۆ شکستخواردوان و گەندەڵکاران دەڕەخسێنن. جەختیشی کردەوە کە هاوپەیمانییەکەی ئەوان ڕێبەرایەتی ڕاپەڕینکی پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی ڕاستەقینە دەکات و وتیشی، هەندێك "دەنگ هەن بۆزارن لە سەرکەوتنی حکومەت و بەرنامەی خزمەتگوزاریيەکەی."